IB-Saiwani Beratender Ingenier
Dr. – Ing. Asso Saiwani
Nordhauser Str. 19, 10589 Berlin



## سێکتەری ووزە و کارەبا

ئەم بەشە خزمەتگووزارییە پێکهاتووە لە دابینکردنی بینای خزمەتگووزاری پەیوەست بە پیشەسازی نەوت و غاز و کارەبا.
خەمڵاندنی پێویستییەکانی بوارەکە لەسەر پێویستی بەکارهێنانی ووزە و ڕادەی سەرفکردنی کارەبا وەستاوە.

پیشەسازی ووزە و کارەبا خۆی لە تەرخانکردنی ووزەی کارەبا بۆ بوارەکانی:
- کارەبای ڕەسمی بۆ ماڵان و هاووڵاتیان، کە 80%ی بڕی کارەبا لە وولاتدا پێکدێنیت و،
- کارەبا بۆ دابینکردنی کاروباری پیشەسازی، کە 16%ی بڕی کارەبای ووڵات پێکدینێت و
- کارەبا بۆ بەگەڕخستنی هێڵی شەمەندەفەر کە بڕەکەی یەکسانە بە تەنها 4% لە کارەبای وولات.

لە کوردوستان پلانی بەدەستهێنانی ووزەی کارەبا بەهۆی ئاوەوە لە ناوچەی هەولێر بەهۆی درووستکردنی بەنداوی بێخمە کە توانای بەرهەمهێنانی **1500 MW**ی هەیە و بەنداوی زەڵم لە ناوچەی سلێمانی بە توانای بەرهەمهێنانی **400 MW** لەبەردەمدایە، کە بوودجەیەکی گەورەیان پێویستە.

بۆ ئەوەی شاری هەولێر بڕی کارەبای پێویستی بۆ دابین بکرێت، ئەبێت هێڵی کارەبای شارەکە بە تۆڕی نیشتیمانییەوە ببەسترێتەوە، کە بەهۆشیەوە شاری هەولێر بە **قەزای دبس** وە بە **ناحیەی قەرەقۆش** ەوە ئەبەسترێتەوە ە کارەبای شارەکە بەم هۆیەوە زیاد ئەکات.
لە لایەکی تریشەوە کارەبای بەرهەمهێنراو لە بەنداوی دوکان و دەربەندیخان، زیاتر بۆ شاری سلێمانی تەرخان ئەکرێن و پێویستییەکانی شاری سلێمانی پڕ ئەکەنەوە و بەشێکی کەمی لێئەدرێت بە شاری هەولێر.

هەروەها تۆڕەکارەبای نیشتیمانی لە **ناحیەی تازە** ی سەر بە شاری کەرکوک بە **قەزای چەمچەماڵ** ەوە ئەبەسترێتەوە، کە توانای **132 KW** هەیە و بڕئارە تا کۆتایی ساڵی 2004 تەواو بکرێت.
ئەم پڕۆژەیەش لە بەرواری 24.05.2004 دا دەستی پێکراوە و تا بەرواری 15.06.2004 نزیکەی 70% ی کارەکانی تەواو بووە، کە بەهۆیەوە هێڵی کارەبای شاری سلێمانی بە تۆڕی کارەبای نیشتیمانی عێراقەوە ئەبەسترێتەوە. بەم هۆیەشەوە بڕی کارەبای شاری سلێمانی بە بڕی کارەبای **60 – 70 MW** زیاد ئەکات.
بڕی تێچووی درووستکردنی پڕۆژەکە ئەکەوێتە سەر شانی هەرێمی کوردوستان و حکومەتی عێراق.

بۆ ئەوەی لە کاتی ئێستادا عێراق پێویستییەکانی لە ووزەی کارەبا پڕ بکاتەوە، پێویستی بە بڕی **6800 MW** بۆ سەرانسەری ووڵات هەیە، بەڵام عێراق تا کۆتایی ساڵی 2003 تەنها بڕی **4800 MW** کارەبا لە سەرجەم ناوچەکانیدا بەرهەم ئەهێنێت.

هەندێک لە کۆمپانیا بێگانیەکان ئەیانەوێت لە عێراقدا کاری وەبەرهێنان لە بواری ووزەو کارەبادا ئەنجام بدەن:
کۆمپانیای **Albi** ی ئەلمانی بە نیازە **3** وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە عێراقدا درووست بکات کە بڕی **500MW, 100 MW, 240 MW** ن، کە بە تەواوبوونیان و بە تەواوبوونی پڕۆژەکانی تری کارەبا، عێراق بە بڕی پێویست لە کارەبا دابین ئەکەن.

لەگەڵ چەندەها کارگەی پیشەسازی تردا لە باکووری عێراق، نەوت بە یەکەم سەرچاوەی ئابووری ناوچەکە دائەنرێت. بە پێی سەرچاوەکان ڕێکخراوی نەوتی عێراق بڕی **112 Mrd. Barrel** نەوتی یەدەگی ژێر زەوی هەیە و نزیکەی **2000 Mrd. $m^3$** غازی ژێر زەوی هەیە.
نیوەی داهاتی عێراق لە ساڵی 1980 دا کە بڕەکەی 13,4 Mrd. ID بوو کە ئەیکردە 55,5 Mrd. US $ بریتی بوو لە داهاتی نەوت.

ناوچەکانی دەرهێنانی نەوت لە باکووری عێراق زیاتر لە کەرکوک و موصڵن. زیاتر لە 50% ی داهاتی نەوتی عێراق لەم دوو شارەوە ئەچنە دەرەوەی وولآت بە ڕێگای هێڵی بۆری نەوتی جیهانیدا. هەروەها بەهۆی تانکەوە ئەگوێزرێنەوە بۆ بۆرییە نەوتییەکانی هێڵی باشووری عێراق و بە ڕێگای سعودیە یان سوریادا ئەچنە دەرەوەی وولآت.
بڕیارە پاڵاوتگەی نەوتی موصڵ نوێژەن بکرێتەوە و توانای پاڵاوتنی زیاد بکرێت بەشێوەیەک، کە ساڵانە بڕی زیاتر لە **30 Mio. Ton** نەوتیان لێ بەرهەم بهێنرێت و کە داهاتێکی زۆریان لێ چاوەڕوان ئەکرێت.
هەروەها بەشیک لەو پاڵاوتگایانە ئەبێت تازەبکرێنەوە و نوێژەن بکرێنەوە، چوونکە بەهۆی جەنگەوە زیانێکی زۆریان پێگەیشتووە.

بۆرییە نەوتییەکانی شاری موصڵ بە بۆرییە نەوتییەکانی شاری کەرکوکەوە بەستراەوانەتەوە و نەوتەکەیان لە شارۆچکەی **بێجی** ئەپاڵێورێت کە توانای پاڵاوتنی **150000** بەرمیل نەوتی خاوی هەیە لە ڕۆژێکدا.
بە پێی ووتەی شارەزایان، عێراق پێویستی بە هەیە، بۆ لابردنی زەرەر و زیانەکانی کارگەکانی نەوت و بۆ بەرزکردنەوەی توانای بەرهەمهێنانی نەوت لە ئاستێکی جیهانی بەرزدا.
بۆ ئەم مەبەستە پێویستی Preservation Need لە بیناسازیدا تا ساڵی 2015 ئەگاتە $ 2184,84 Mio. US کە زۆری بەهۆی کۆن بوون و لەکارکەوتنی ئامێرەکانەوە سەرچاوەی گرتووە.
پێداویستی Extension Need لە بواری بیناسازیدا تا ساڵی 2015 ئەگاتە نزیکەی $ 1165,11 Mio. US کە ئەمەش بەستراوەتەوە بە سێکتەری کارەبا و غازەوە.
بۆ ئەم مەبەستەش دابینکردنی خزمەتگووزاری کارەبا تا ساڵی 2015 لە عێراق پێویستی بە بوودجەیەک هەیە، کە بڕەکەی تا ساڵی 2015 ئەگاتە نزیکەی $ 3349,95 Mio. US.

Saiwani